راوێژکاری ئاسایشی نێتەوەیی و باڵیۆزی ئازەربایجان تاوتوێی ڕەوشی ناوچەکەیان کرد

راوێژکاری ئاسایشی نێتەوەیی عێراق لە کۆبوونەوەی لەگەڵ باڵیۆزی ئازەربایجان رایگەیاند، ئامانجی ستراتیژی ئێستای عێراق داخستنی کەمپی "هەڵ"ی سوریایە، چونکە مانەوەی ئەو کەمپە مەترسی لەسەر ئاشتی جیهانی دروست دەکات.

نوسینگەی راوێژکاری ئاسایشی نێتەوەیی عێراق لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە، قاسم ئەعرەجی راوێژکاری ئاسایشی نێتەوەیی عێراق لەگەڵ نەسیر مەمدوف باڵیۆزی ئازەربایجان لە بەغدا کۆبونەوە.

ئاماژە بەوەشکراوە، راوێژکاری ئاسایشی نێتەوەیی عێراق و باڵیۆزی ئازەربایجان لە بارەی دۆخی سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە و ئامرازی پێویست بە پتەوکردنی هەماهەنگی نێوان هەردو وڵات گفتوگۆیان کرد.

لە کۆبونەوەکە قاسم ئەعرەجی ئەوەی خستەڕو، ئامانجی ستراتیژی ئێستای حکومەتی عێراقی داخستنی کەمپی "هەڵ"ی سوری تایبەت بە خێزان و منداڵەکانی چەکدارانی داعش، چونکە مانەوەی ئەو کەمپە مەترسی ڕاستەقینە لەسەر ئاشتی جیهانی دروست دەکات.

ئاماژەی بەوەشکرد، توندڕەوی ڕەگەی ئاینگارییەک بە سەر دەوڵەت و گەلەکان دەبینێت و پێویستە

هەوڵکانی کەمگەلی نەودەوڵەتی بە نەهێشتنی ئەو ئاینگارییە مەترسیدارە کەبکرێتەوە.

لە بەرامبەردا باییزی ئازربایجان رایگەیاند، ئەوان خاوەنی ئەزمونێکی باشن لە بەرەنگاربوونەوەی تیرەر و سپیکردنەوەی پارە، ئارەزومەندن لەو بوارەنە لەگەڵ عەراق هەماهەنگ بن، بە ئەوەی زانیاری و شارەزایی ئاوگەڵ بکەن، بە شێوەیەک لە پتەوکردنی سەقامگیری جیهانی هاوکاربێت.